بانگەوازێك ... بۆ سەرجەم بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان

هاوریّیان
بە پێویستی دەزانم ئاگادارتان بکەمەوە ئێمە بە هاوکاری هاوڕیّ (گۆران عەبدولاّ) بەریّوەبەری ماڵپەڕی ((دەنگەکان)). لە پرۆسەی پێکهێنانی ماڵپەڕێکین بە ناوی [سەنتەری ڕۆشنگەری مارکسیستی] بۆ زانیاری و شارەزایی زیاتر دەتوانن سەیری بەیاننامەی "پێکهێنانی سەنتەری ڕۆشنگەری مارکسیستی بۆچی؟" بکەن لە ریّگەی ماڵپەرەکەوە، ئەمەش ناونیشانەکەیەتی www.azadarman.com

لەم بانگەوازەدا تەواوی ریّکخراو و ئەحزابە چەپەکان و هەروەها تاک تاکی کەسایەتیەکان ئاگادار دەکەمەوە ئەم پرۆژەیە بە دەستەیەک یان پۆلّیک هەلّسووراوی سۆسیالیستی ناچێتە پێشەوە یاخود ناتوانیّ ئامانجەکانمان بپێکیّ. پێویستی بە هاوکاری بەشێکی بەرین لە هێزو هەلّسووراوانی چەپە بۆ بە سەرەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژە مەزنە و گرنگە.

بانگەوازتان دەکەین با لە ژێر دروشمی [هەموومان بە یەکەوە] ئەم لیّپرسراویەتیە لە ئەستۆی خۆمان بگرین.

تکایە هەر هاوریّیەک یان لایەنە سیاسیەکان، چی شاکاری مارکسیزمی کلاسیکی یان[کارل مارکس، فردریک ئەنگلس، ف ئی لینین، لیۆن ترۆتسکی، ڕۆزا لوکسەمبۆرگ، ئەنتۆنی گرامیشی] لا دەست دەکەویّت بۆمان ڕەوانە بکەن وەکو: وتار، نامیلکە، پەرتووک. یاخود ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن بۆ وەرگیّرانی ئەم بابەتانەی لە سەرەوە دەست نیشانمان کردووە. لە ریّگەی ئەم ئیمایلەوە : marxistec@yahoo.com
چاوەروانی سەرنج و پێشنیار و بەرهەم و هاوکاری سەرجەم لایەنە چەپەکانین.

ئازاد ئارمان
بەریّوەبەری سەنتەری ڕۆشنگەری مارکسیستی